گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ئاواکاریی قوتابخانەکان لە عێراق لە سەردەمی سەلجوقی[1]
## (447 – 590 ك / 1055 -1194 ز)

**فرمان بایز امین**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
f.kirkuki1984@gmail.com

**پ.ی.د رابیعە فتاح شیخ محمد**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
rabeah.shikhmohamad@su.edu.krd

### زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٦/٥
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٨/١٨
بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

ووشە سەرەکیەکان
School, Construction, Creeds, Alley, Scientist

**Doi:** 10.25212/lfu.qzj.8.2.13

### پوختە

قوتابخانە یەکێکە لە ڕواڵەتە گرنگە ئاواکاریەکانی شارستانیەتی ئیسلامی، بە شێوەیەکی گشتی سەلجوقیەکان زۆر بایەخیان بە لایەنی ئاواکاری وبنیادنانی قوتابخانەکان دابوو لەبەر ئەوەی عێراق ناوەندی خەلافەتی عەباسی بوو، ببوە ناوەندی ژیانی ڕوحی موسڵمانان، خەلیفە و سوڵتان و وەزیر و زانایان و ئافرەتانی پلە بەرز لە ڕووی مادی و مەعنەوییەوە ڕۆڵێکی کارایان هەبوو لە بنیادنان و ئاوەدانکردنەوەی قوتابخانەکان، هەوڵ و ماندوو بوونی هەر یەك لەمانە گوزارشتی لە مەزهەبەکانی ئیسلامی کردووە، (نظام الملك)، گەورە وەزیری سەلجوقی ڕۆڵ و کاریگەری زۆری هەبوو لە بنیادنانی قوتابخانەکان تەنانەت داوای لە خەڵکی کردووە قوتابخانەی زیاتر بنیادبنێن، بوونی فرە مەزهەبی جیاواز وەکو حەنەفی و شافعی و حەنبەلی، بایەخی سیاسەتمەدار و پیاوانی ئاینی و کارگێری بە قوتابخانەکان وایکردووە لە تەواوی جیهانی ئیسلامی قوتابیان و مامۆستایان ڕوو لە عێراق بکەن بە تایبەتیش شاری بەغدا، چونکە مەڵبەندی زانست و زانیاری بووە .

[1] - ئەم توێژینەوەیە (مستلە).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی

ئاواکاریی قوتابخانەکان بە یەکێک  لە دیارترین ڕواڵەتە ئاواکارییەکانی سـەردەمی سـەلجوقی دادەنرێت بایەخێکی زۆری پێدراوە و بە خاڵێکی وەرچەرخان دادەنرێت لە مێژووی شـارسـتانییەتی ئیسلامیدا، بەر لە سەلجوقیەکان قوتابخانە لە عێراق بوونی نەبوو، بەڵکو مزگەوت هەم ڕۆڵی ئاینی و هەم ڕۆڵی زانستی گێراوە، بەڵام سەلجوقییەکان بەم کارەیان هەنگاوێکی گرنگیان نا بە جیاکردنەوەی شـوێنی خوێندن لە شـوێنی پەرستش، هەرچەندە زانیاری هەیە بەر لە سـەلجوقییەکان لە نیسابور لەلایەن غەزنەوییەکان قوتابخانە بنیادنراوە .

ئەوەی شـایانی باسـە (نظام الملك) وەزیری سـەلجوقی بە بنیاتنانی قوتابخانەی (نظامية) توانی شـارسـتانیەتی ئیسـلامی لە ڕووی زانسـتەوە بگەیێنێتە لوتکە چونکە دواتر بیناسـازی و بنیاتنانی قوتابخانەکان بە ڕادەیەك پێشـکەوت تەنانەت لە ناوچەکانی دەرەوەی جیهانی ئیسـلامی سـودیان لە ئەزمون و پەیرەو و پرۆگرامی (نظامیة) وەرگرتووە ئەگەچی قوتابخانەی (ابی حنیفة) پێشـتر بنیاتنراوە، بەڵام وا دیارە ڕۆڵ و کاریگەری (نظامیة) زیاتر بووە چونکە لە زۆربەی شارەکان بنیاتنراوە، بە تایبەتی (نظامیة) ی بەغدا بە پێشکەوتورینی قوتابخانەکان دادەنرێت.

بە گشتی قوتابخانەکان لە عێراق دابەش بوون بە سەر چەند مەزهەبێکدا زۆربەی  ئەو قوتابخانانەی لێرەدا ئاماژەیان پێکراوە دەکەونە بەشـی ڕۆژهەڵاتی شـاری بەغدا، بە بەراورد کەمتر لە شـارەکانی دیکە بەدیدەکرێت، بەڵام ئەگەریش هەبێت لە سەرچاوە مێژووییەکان بە شێوەیەکی ئەوتۆ ئاماژەیان پێنەکراوە، بەڵکو زیاتر سـەرەنج و زانیاریەکان لە سـەر بەغدای پایتەختی خیلافەت بووە، ئەوەی شایانی باسە بە پێی ناونیشانی بابەتەکە زیاتر تیشکمان خستۆتە سەر لایەنی ئاواکاریی و بیناسازی و بنیادنانی قوتابخانەکان، ئاماژە بە لایەنی زانستی و شێوازی خوێندن و پەیڕەو و پرۆگرامیان ناکەین، لە هەمان کاتدا ئاماژە بە بنیادنانی قوتابخانەکانی سـەردەمی ئەتابەگی ناکەین، لەبەر ئەوەی ئەو سەردەمە شتی زۆری لە سەر نوسراوە بە پێویستی نازانین هەمان ئەو زانیاریانە دوبارە بکەینەوە، لە لایەکی دیکەوە باباتەکە زۆر فراوان دەبێت ڕەنگە توێژینەوەیەکی تەواو لەخۆ بگرێت.

بە شـێوەیەکی گشـتی ئەم بابەتە لە پوختەو پێشـەکی و دەروازەیەک و سـێ تەوەر و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێک هاتووە، لە سەرەتادا زۆر بە کورتی تیشکمان خستۆتە سەر لایەنی سیاسی سـەلجوقیەکان و هۆکاری هاتنیان بۆ بەغدای پایتەخت، پاشـان ئاماژەمان بە پێکهاتە و شـێوازی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بیناسازی قوتابخانەکان کردووە لەو سەردەمەدا، دابەشکردنی قوتابخانەکان بە سەر سێ مەزهەبی جیاوازدا، بە درێژایی حوکمی سەلجوقی لە عێراق سێ مەزهەبی باڵادەست هەبوون وەکو حەنەفی و شـــافعی و حەنبەلی  بە جۆرێک هەر یەك لەو مەزهەبانە لە لایەن ژمارەیەک زانا و قوتابخانە پەیڕەوییان لێدەکرا، تەنها مێژووی بنیادنانی قوتابخانەکانی مەزهەبی مالکی نەبێت دواکەوت بۆ سەدەی حەوتەمی کۆچی، ئەوەی شایانی باسە لێرەدا ئاماژەمان بە هەموو ئەو قوتابخانانە کردووە کە لەو سەردەمەدا بنیادنراون چ لە لایەن سەلجوقیەکانەوە یاخود لە لایەن خەلیفە و وەزیر و میر و ئافرەتانی ناسراوی ئەو سەردەمەوە بێت، هەروەها تا هەبوونی ئاستی زانیاری لە سەر قوتابخانەکان ئاماژەمان بە ســاڵی بنیاتنان و هەڵکەوتەی شـــوێنی جوگرافی و دیارترین ئەو مامۆســـتا و زانایانەی وانەیان تێدا گوتۆتەوە خستۆتەڕوو .

بێگومان هیچ کارێکی زانســتی بێ هەڵە و کەمو کوڕی نیە، هیوادارم ئەگەر بە کورتیش بووبێت لایەکمان لە لایەنی ئاواکاریی قوتابخانەکانی ئەو ســەردەمە کردبێتەوە، لە هەڵە و کەم و کوڕیەکان داوای لێبوردن و بەخشین لە خوێنەری ئازیز دەکەم .

**دەروازە**

سەلجوقیەکان یەکێکن لەو کۆمەڵە هۆزە تورکەی[1] کە بە غوز (اغز ـــــ الغز) ناسراون، نیشتیمانی ڕەسەنیان ناوچە و دەشتاییەکانی تورکستانە ناوی سەلجوقیەکان دەگەڕێتەوە سەر (سلجوق بن دقاق) یەکێک بوو لە سەرۆک هۆزەکانی تورک (حسنین،1982،ص24)، ئەم هۆزە ناسراوە بە (القنق) کە یەکێکە لە هۆزەکانی غوز (الحسینی،1933،ص3)

بەر لە گەیشتنی (طغرلبک) (447 ـ 455 ک/1055 ــ 1063 ز) بۆ بەغدا چەندین نامە گۆڕکێ ئەنجام دراوە لە نێوان سوڵتان و خەلــیفە (القائم) (442 ـــ467 ك /1031ـــ 1085ز)، خەلیفە هەڵسا بە ناردنی (هبة اللة بن محمد بن مأمون) وەکو نوێنەر بۆ لای سوڵتان و بانگهێشتی کرد بۆ شاری بەغدا (الرواندی،2005،ص168ـــــ169 ؛ البنداری،1900،ص8 - 9)، پاشان لەساڵی (442ک/1050ز) سوڵتان نێردراوێکی ناردە لای خەلــیفە، سەرەڕای سوپاس گوزاری زۆری بۆ خەلیفە دەست و دیاری زۆری پێشکەش کردون (ابن الاثیر،1965،ج9،ص ص580 ؛ ابن کثیر،1986،ج12،ص63).

پێش گەیشتنی سەلجوقیەکان بە بەغدای پایتەخت بارودۆخی عێراق لە ڕوی سیاسی و سەربازیەوە بە ڕادەیەک ئاڵۆز بوو، گەورەترین مەترسی لەسەر ژیانی خەلیفە و دەسەڵاتەکەی هەبوو، بە تایبەتی لە دوای مردنی (بهاءالدولة)ی بویهی ناکۆکی و ململانێ دروست بوو لە نێوان کوڕەکانی بە ناوەکانی (سلطان الدولة) و (مشرف الدولة) و (جلال الدولة) ئەمەش وایکرد زۆر بە خێرایی بەرەو داڕمان هەنگاو بنێن (المعاضیدی،الجمیلی،1980،ص60).

بە هۆی ململانێی نێوان سونە و شیعە لەلایەک و ناکۆکی نێوان تورك و دەیلەم لە لایەکی دیکەوە، لە ساڵی (446ک/1054ز) تورکەکان بە ڕادەیەک باڵادەستبون ئاژاوەی زۆریان دروست کرد، چونکە دەیانویست دەست بەسەر ئەو ماڵ و موڵک و سامانەدا بگرن لەلایەن وەزیری دەوڵەت کۆکرابویەوە، هەروەها بەساسیری لە فەرمانی خەلافەت دەرچووو (ابن الاثیر،1965،ج9،ص ص593،597 ؛ ابن کثیر،1986،ج12،ص66)، پەیوەندی کرد بە خیلافەی فاتمی کە دوژمنی خیلافەی عەباسی بوون (عدوان،1990،ص180).

خەلیفە بەهۆی دەست ڕۆیشتویی بەساسیری لە بەغداد نێردراوی ناردە لای سوڵتان داوای لێکرد ڕزگاریان بکات لە بەساسیری (ابن العدیم،د.ت،ج3،ص1348 ؛ ابن دحیه،1946،ص138)، سوڵتانیش گوێڕایەڵی و پابەندبوونی خۆی بۆ دوپات کردەوە (ابن الاثیر،1965،ج9،ص609)، بە گەیشتنی (طغرلبک) بۆ شاری بەغدا لەساڵی (447ک/1055ز) بەساسیری ڕایکردە (رحبة) بانگەوازی بۆ فاتمیەکان دەکرد هەر ئەوەندە نا بەڵکو دواتر ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە هەڵگەڕانەوەی (ابراهیم ینال) لە (طغرلبك) (البغدادی،2001،ج11،ص48 ؛ السیوطی،2004،ص189 ؛ ابن دحیه،1946،ص138 ؛ ابن العدیم،د.ت،ج3،ص1361).

سوڵتان لەلایەن خەلیفە و وەزیرو ئەشرافەکان و گەورە پیاوان پێشوازی لێکرا (ابن الاثیر،١٩٦٥،ج٩،ص٦١٠)،لە وتاری ڕۆژی هەینیدا ناوی هێنرا هەروەها ناوی لەسەر دراو نەخشێنرا نازناوی (سلطان رکن الدولة ابو طالب محمد بن مکائیل یمین امیر المومنین)ی لێنرا (الراوندی،2005،ص169)، بووە یەکەم سوڵتانی سەلجوقی لە عێراق (ابن کثیر،1986،ج12،ص66).

ئەوەی شایانی باسە منارە یەکێ بوو لە تایبەتمەندیەکانی بیناسازی لەو سەردەمەدا جگە لە بوونی منارەی مزگەوتەکان، قوتابخانەی (سعادە)، منارەی هەبوە لە ڕوداوەکانی ساڵی (538ك/1143ز)

ئاماژە بە ناوی ئەو منارەیە کراوە ئەوەش بە هۆی دروستبونی ئاژاوەی نێوان شافعیەکان و ئەشعەریەکان، لە ڕوداوێکدا کەسێك لە سەر ئەو منارەیە فرێدرایە خوارەوە (ابن الجوزی،1992،ج18،ص33)، بەڵام بێ ئەوەی ئاماژە بە شێوازی منارەکە بکرێت.

شێوازی بیناکردن لە عێراق و جزیرە لەسەردەمی سەلجوقی بە جۆرێك بوو بیناکان هەیوان و کۆڵەکەیان هەبوو بیناکەیان لەسەر ڕاگیر دەکرد لەمەدا کاریگەربوون بەو شێوازە سەلجوقیەی لە شام و ئاسیای بچوك و ئێران پەیڕەو دەکرا (حسن،1948،ص92).

(نظام الملک) بۆ دروستکردنی قوتابخانەکانی لە عێڕاق و خوراسان وەستای فارس بەکارهێناوە، بە جۆرێک سودیان لە شێوازی شوێنەکانی نیشتەجێ بوون و بیمارستان و (رباط) و شوێنی کەتیبەکانی سەربازی وەرگرتووە و قوتابخانەکانی لە سەر ئەو شێوازە بنیادنراون لەگەڵ ئەوەدا ئەوەی پێوست بوو بۆی زیاد کراوە، بینای قوتابخانەکان چوار هەیوانی بوونە و بنمیچ و کۆڵەکەی هەبووە لە ناوەڕاستی گۆڕەپانێک هەبوو لەمەدا سودیان لە شێوازی هەیوانی ساسانی وەرگرتووە، بە گشتی بۆ بیناکردنی قوتابخانەکانی عێراق، سودیان لە شێوازی (رباط) و خانەکانی عێڕاق وەرگرتووە (درویش،2016،ص ص 23ـ30).

کاشی یەکێکە لە گرنگترین ئەو پێکهاتانەی لە بیناسازیدا بەکارهاتووە، بەکارهێنانی کاشی بۆ جوانکاری و پتەوکردنی بیناکان بووە، لە سەردەمی سەلجوقیەکانەوە دەستی پێکرد تەنانەت لەسەردەمەکانی دواتر وەکو سەردەمی تەیموری و سەفەوی گەیشتە لوتکەی خۆی، بەگشتی کاشی ڕۆڵێکی گرنگی لە بیناکاری سەردەمی ئیسلامیدا گێڕاوە بەشێوە جیاوازەکانی بەکارهێنراوە وەکو کاشی یەك ڕەنگی و حەوت ڕەنگی و هتد (کیانی،1392،ص25).

خشتی لە قوڕ دروستکراوی سورەوەکراوە یەکێکی دیکە بووە لە پێکهاتە سەرەکیەکانی بیناکاری بەتایبەتی لە سەرەتاکانی سەردەمی ئیسلامەوە زۆر سودیان لێ وەرگرتووە بەلام لەبەرئەوەی توانای بەرگەگرتنی لەبەرامبەر باو باران و بەفر کەمترە، بۆیە کەمترین ئەو پاشماوە و شوێنەوارانە ماون لە خشت دروست کراون، لە هەمان کاتدا دار یەکێکی دیکەیە لەپێکهێنەرەکانی هونەری ئاواکاری زیاتر بۆ دورستکردنی دەرگاو پەنجەرەو ستون و سەقف و شتی دیکە سودیان لێ وەرگرتووە (کیانی،1392،ص25).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**تەوەرەی یەکەم : قوتابخانەکانی مەزهەبی حەنەفی (ابو حنیفة)**

قوتابخانە بە یەکێ لە دیارترین سـیما دیارەکانی ئەو سـەردەمە دادەنرێت بەپێی ئاماژەی یەکێ لەو گەریدانەی لە سـاڵی (580ك/1184ز) سـەردانی شـاری بەغدای کردووە ئاماژە بەوە دەکات سـی قوتابخانە لەشـارەکە هەبووە هەموویان دەکەونە بەشـی رۆژهەلاتی شـاری بەغدا، ئەوانە تەنها قوتابخانە نەبوون بەڵکو کۆشـکێکی گەشـاوە بوون (ابن جبیر،1907،ص205)، بەڵام (ابن جبیر) زۆر ورد نەبووە لە زانیاریەکانی چونکە قوتابخانەی (ابن هبیرة) دەکەوتە بەشی ڕۆژئاوای بەغدا، لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی ئەوتۆ باسی قوتابخانە لە شارەکانی دیکە ناکات.

بە گشتی قوتابخانەکان دابەشی سەر چەندین مەزهەب بوو بوون هەریەك لەو قوتابخانانە پەیڕەو و پرۆگرامی خۆی جێبەجێ کردووە لە دیـارترین قوتـابخـانەکـانی سـەر بە مەزهەبی حەنەفی وەکو قوتابخانەکانی (ابي حنيفه ـ تتشيه ـ الغياثيه ـ المغيثيه ـ الموفقيه ـ ترکان خاتون ـ سوڵتان مەلیکشا) (معروف،1966،ص10).

1-1- قوتابخانەی (ابي حنيفه)

قوتابخانەیەکی حەنەفی مەزهەب بوو لە مانگی سەفەری ساڵی (459ك/1067ز) لە نزیک گۆڕی (ابي حنیفة) لەلایەن (شـرف المللك ابو سـعد المسـتوفي الخوارزمي)[2] بنیادنراوە لە (باب طاق)، چەندین زاناو مامۆستا و پێداویستیەکانی بۆ قوتابخانەکە دابینکردووە، کەسێکی دەمارگیر بووە بۆ مەزهەبی (ابی حنیفة)، هەروەها گومەزێکی لە سـەر گۆڕەکەی بنیاناوە (البنداري،1900ص31ـــــــ32 ؛ ابن الجوزي،1992،ج16،ص100 ؛ ابن الاثیر،1965،ج10،ص54 ؛ سـبط،2013،ج19،ص519)، ئـەم قوتابخانەیە بە یەکێك لە کۆنترین قوتابخانەکانی بەغداد دادەنرێ (معروف،1966،ص19)، تەنانەت بە یەکەم قوتابخانە دادەنرێت لە عێراق کرابێتەوە لە سەردەمی ئیسلامی (عواد،1948،ص151).

2ـ1 ـ قوتابخانەی (جامع السلطان)

ئەم قوتابخانەیە لە سـاڵی (485ك/1092ز) لەلایەن سـوڵتان (مەلیکشـاه) بنیادنراوە لەبەرامبەر مەزارگەی (امام ابی حنیفة) (سبط ابن الجوزی،2013،ج19،ص444).

3ـ1 ـ قوتابخانەی (ترکان خاتون)(3)

بە سێیەم قوتابخانە دادەنرێت لە بەشی ڕۆژهەلاتی بەغدا لای کۆشکی سوڵتان لەلایەن (ترکان خاتون) هاوسەری سوڵتان مەلیکشای سەلجوقی بنیادنراوە، ئەم قوتابخانەیە تاوەکو کۆتاییەکانی سەدەی پێنجەمی کۆچی بە ئاوەدانی ماوەتەوە ئەگەرچی بە دروستی ناوی مامۆستاکانی نازانرێت، لە ساڵی (496ك/1102ز) لە سەردەمی خەلیفە (المستضهر) قوتابخانەکە و هەموو ئەوانەی دەوروبەری ڕوخێنراون، ئەمەش بەهۆی ململانێی نێو ماڵی سەلجوقی و سوڵتانەکان، خەلیفە لەم ڕێگەیەوە هێزی خۆی نیشاندا (ابن الجوزی،1992،ج17،ص81 ؛ ڕؤوف،2015،ص31)، زۆرکات خەلیفەکان هەوڵیان ئەدا پاشماوەی سەلجوقیەکان لەناو ببەن.

1ـ 4 ـ قوتابخانەی (تتشیة)

لە ساڵی (564ك/1168ز) لەسەر کەناری دیجلە لە گەڕەکی (باب الازج) بنیادنراوە (ابن الجوزي،1192،ج18،ص182) دەکەوێتە نزیك مەزارگەی (ابی حنیفة) تەنانەت بیمارستان و بازاریش بەو ناوە هەبوون کە هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ (خمارتكمين)، خادمی (تاج الدوله تتش الب ارسلان) بوو (یاقوت الحمودی،1995،ج2،ص15)، شوێنی ئەو قوتابخانەیە دەکەوێتە شوێنی قشڵەی ئێستا، (جواد،سوسە،1958،ص65).

1ـ 5 ـ قوتابخانەی (الموفقیة)

قوتابخانەیەکی حەنەفی مەزهەب بووە لە ڕۆژهەڵاتی شاری بەغدا لە ڕێگای زاخا لە سەر ڕوباری دیجلە بنیادنراوە، (علم الدین ابو زکریا یحیی) وانەی تێدا گوتۆتەوە (ابن الفوطی،1416ھ ،ج1،ص561 ؛ معروف1966ص20)، لە لایەن خاتون کچی (ملیکشاه) و خێزانی خەلیفە (المستظهر) بنیادنراوە، لە شەقامی (سوق العسكر) لەو سەردەمەدا خوێندنگەیەکی لەوە گەورەتر نەبوو، هەروەها کردیە (وقف) بۆ شوێنکەوتوانی (ابی حنیفة)، خاتون بە یەکێک لە ئافرەتە ژیرو شکۆدارەکان دادەنرێت (ابن الساعی،1968ص108ــ109)، ئەگەر چی هەندێ لە سەرچاوە مێژووییەکان بنەچەی ئەو قوتابخانەیە دەگەڕیننەوە بۆ (خادم موفق بن عبدالله) کاتێك وەفاتی کرد لەو قوتابخانەیە نێژراوە (معروف،1966،ص20)، ئەوەی شایەنی باسە (ابن الساعی) ئاماژە بە ناوی قوتابخانەکە ناکات تەنها باسی دروست کردنی قوتابخانەیەک دەکات لە لایەن خاتون و زۆر وەسفی دەکات.

1ـ 6 ـ قوتابخانەی (الغياثية)

قوتابخانەیەکی حەنەفی مەزهەب بووە لە بەشــی ڕۆژهەڵاتی بەغدا بنیادنراوە دەگەڕێتەوە بۆ (غياث الدين محمد بن ملكشاه السلجوقی)(498 ـ 511 ك / 1104ـ1117 ز) (معروف،1966،ص20).

1ـ7ـ قوتابخانەی (المغيثية)

حەنەفی مەزهەب بووە دەکەوێتە (باب الازج) لە بەشــی ڕۆژهەڵاتی بەغدا بنیادنراوە لە لایەن (مغيث الـديـن مـحـمـود غـيـاث الـديـن مـحـمـد بـن مـلـكـشــــاه)(511- 525 ك/1117-1131 ز) (جواد،سوسە،1958،ص165 ؛ معروف،1966،ص21)، سـوڵتان کەسێک بووە شارەزایی هەبووە لە بواری زمانەوانی و شــعرو مێژوو لایەنگریەکی زۆری هەبووە بۆ خەڵکانی زانســت خوازو چاکەکار (اليافعی،1997،ج3،ص187).

1ـ 8 ـ قوتابخانەی (ابن الكيال الواسطی)

قوتابخانەیەکی حەنەفی مەزهەب بوو لەلایەن (أبو الفتح القاضی علی بن منصور بن علی بن حسين) ناسراو بە (ابن الكيال الواسطی) (م:586ك/1190ز) بنیادنراوە، دوای چەندین جار جێگۆرکێ لەنێوان شـارەکانی بەغدا و بەسـرە و واسـت، دواجار لە سـاڵی (576ك/1180ز) دوای دورکەوتنەوەی لە کاری قازی بوونی لە شــاری بصــرە گەڕاوەتەوە واســط لەوێدا وانەکانی ئەدەب و ڕێزمان و زمانەوانی و زانستە ئاینییەکانی گوتۆتەوە، لەساڵی (584ك/1188ز) بۆتە قازی شارەکە، ئەگەرچی بەڕوونی ساڵی بنیادنانی ئەم قوتابخانەیە دیارنیە (ابن القرش،د.ت،ج2،ص198 ؛ ابن الدبيثی،2006،ج5،ص73).

1ـ 9 ـ قوتابخانەی (الزيركية)

ئەم قوتابخانەی ناســراوە بە قوتابخانەی (ســوق العميد) قوتابخانەیەکی حەنەفی مەزهەب بووە دەکەوتە ناوچەی (ســوق الســلطان)، دەگوترێت ئەو شــوێنە نزیکە لە مزگەوتی (المرادية)ی ئێســتا (معروف،1966،ص21)، نەســەبی ئەو قوتابخانەیە دەگەڕێتەوە بۆ (المعتمد زيرک) خادمی ســوڵتان (طغرلبک)ی سەلجوقی (ابن الفوطی،1416هـ ،ج2،ص584)، بەڵام بێ ئەوەی ئاماژە بە ساڵی بنیادنان و ڕۆڵی ئەو قوتابخانەیە بکرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**تەوەرەی دووەم : قوتابخانەکانی مەزهەبی شافعی**

قوتابخانەکانی مەزهەبی شافعی وەکو (نظامية ـ زمرد خاتون ـ الثقتيه ـ التاجيه ـ الفخريه ـ البهائيه ـ النجيبية ـ الشاشی) (معروف،1966،ص10ـ11).

2 ـ1ـ قوتابخانەی (نظامية)

وەزیر (نظام الملك) (455 ـ 485 ك/1063ـ1092ز) لە ماوەی دەسەلاتیدا ژمارەیەک قوتابخانەی لە شارە جیاوازەکانی عێراق و خۆراسان بنیادناوە وەکو (نظاميه)ی بەغدا و بەلخ و نیسابور و هەرات و ئەسفەهان و بەسرە و موسڵ و مەرۆ و قوتابخانەی ئەمەل لە تەبرستان، کە تیایدا (نظامية)ی بەغدا و نیسابوور لە هەموویان بەناوبانگتربوون، زۆرترین مامۆستا و قوتابی و نووسەر و زانایانی بەناوبانگی سەدەی پێنجەم و شەشەم وحەوتەمی لە خۆدەگرت (نظام الملك،2007،ص22 ؛ الذهبی،2003،ج1،ص64ـــ65 ؛ السبكی،1413ھ،ج4،ص313ـــ 314)، قوتابخانەکانی (نظامية) شافعی مەزهەب بوون، تیایدا مەنهەجی شافعی بڵاودەکرایەوە دژایەتی مەزهەبی شیعە دەکرا (امين،1965،ص217)، ئەوەی شایانی باسە ئەو قوتابخانانە هاوشێوەی زانکۆکانی ئێستا بوون، قوتابخانەکانی ئەوروپا لاسایی (نظامية)ی بەغدایان کردەوە لەدروستکردندا (نفيسی،1967،ص68ـ69).

قوتابخانەی (نظامية)ی بەغدا قوتابخانەیەکی شافعی مەزهەب بوو لە مانگی (ذی الحجة) ساڵی (457ك/1065ز) لە سەردەستی (نظام الملك) لە سەر ڕووباری دیجلە و ئەو جۆگەلە ئاویانەی دەڕژانە دیجلەوە دەست بە دروستکردنی کراوە تەنانەت هەموو شتەکانی دەوروبەری تێکدرا وەکو خانووەکانی دەوروبەری و دەرگای شەعیر و ڕێگای زەعفەرانی و چەندانی دیکەش (ابن الجوزی،1992،ج16،ص91 ؛ ابن الاثير،1965،ج10،ص49 ؛ سبط،2013،ج19،ص177 ؛ ابن كثير،1986،ج12،ص92)، دوای دوو ساڵ کارکردن تیایدا لەمانگی (ذي العقيدة 459ك/1057ز) کارەکانی تەواوکراوە (ابن الجوزي،1992،ج16،ص102).

تەواوکردنی کارەکانی ئەم قوتابخانەیە لەژێر چاودێری (نظام الملك)دا بوو کۆمەڵێ شتی بۆی کردە (وقف) وەکو بازاڕ و دوکان و گەرماو، داهاتی هەموو ئەمانەی بەکاردەهێنا بۆ دابینکردنی موچە و پارەی تەواوی کارمەندەکانی وەکو مامۆستا و قوتابی و موعید و پاسەوان و کارگوزار، تێچووی پارەی

مامۆستا و قوتابییەکانی دەگەیشتە پازدە هەزار دیناری ساڵانە، کە نزیکەی شەش هەزار قوتابی لەخۆ دەگرت، وانەکانی (نحـو ــ اللغة ــ الفنون الأدبية ــ الفقه ــ التفسير ــ الحديث) چەندین زانستی دیکە دەخوێنـدران (نظـام الملـك،2007،ص21-22)، بەشـێوەیەکی گشـتی تێچووی دروسـتکردنی قوتابخانەی (نظامية) سەد هەزار دینار بوو (امين،1965،ص238).

ئامانجی (نظام الملك) لەم کارەیدا بڵاوکردنەوە و تەشـەنەسـەندنی مەزهەبی شـافعی بوو لەناوچە عـەجـەمیـەکانـدا (ابن تغری بردی،1935،ج5،ص76)، بە یەکێـک لە بەنـاوبـانگترین قوتـابخـانەکـانی جیهانی ئیسـلامی دادەنرا لەبەرئەوەی لە پایتەختی خیلافەت بنیادنرابوو، بە ناوەندی قوتابخانەکانی دیکەی (نظامية) دادەنرا، قوتابیەکی زۆری هەبوو لەبەرئەوەی لە ناودارترین زانایان روویان تێکردبوو (مـحـبوبـه،1999،ص366)، وەکـو (ابـو اسـحـاق الشـیـرازی) کە وانەی تـێـدا دەگـوتەوە (ابن الاثير،1965،ج10،ص55)، هەروەها (امام غزالی) و(بهاءالدين بن شداد) بۆماوەی چوار ساڵ وانەیان تێدا گوتەوە (جواد،سوسه،1958،ص155).

یەکێ لەو گریدانەی سـەردانی شـاری بەغدای کردووە ئاماژە بەوە دەکات کەوا (نظامية) لە سـاڵی (504ك/1110ز) نۆژەنکراوەتەوە پشـت ڕاسـتی ئەوە دەکاتەوە تەواوی قوتابخانەکان زەوی وزاری وەقفیـان هەبووە (ابن جبير،1907،ص205)، هـەروەهـا گەریـدەیـەکی دیکـە کـاتێ سـەردانی ئەو قوتابخانەیەی کردووە بە سەرسوڕهێنەر ناوی دەبات کە دەکەوتە ناوەڕاستی بازاڕی (سوق الثلاثـاء) لە بەری رۆژهـەلاتـی شاری بەغـدا (ابن بطوطة،1405ھ،ج1،ص243).

2 ـ2ـ قوتابخانەی (نظامية البصرة) بەسرە

سـاڵی دامەزراندنی دیارنییە بەڵام ئەوەی کە دروسـتە لە دوای (نظامية)ی بەغدا بنیادنراوە بە پێی ئاماژەکانی یەکێ لە مێژوونووسـەکان شـوێنی ئەم قوتابخانەیە دەکەوتە نزیک گەڕەکی (مربد) تەنیشـت گۆڕی (طلحة بن عبيداللة) لەکاتی ئەو رووداوی تاڵانیەی بەسـەر شـارەکەدا هات لە سـاڵی (٤٩٩ك/1105ز) کاتێك (سيف الدولة صدقة) هێرشی کردە سەر شارەکە، سەرەڕای هێرشی هۆزەکانی دەوروبەر بۆ سـەر بەسـرە و تاڵانکردنی، تەنها ئەو گەرەکە بەسـەلامەتی دەرچوو لەبەرئەوەی عەبـاسـیـەکـان چوونە نـاو قوتـابخـانەکەو پـارێزگـاریـان لە گـەڕەکی (مربـد) کرد (ابن الاثير

،1965،ج10،ص403- 404)، (ابو الفضـــل الانباري) یەکێ بوو لە گەورە زانایانی ئەو قوتابخانەیە (السبکی،1413،ج6،ص175).

2 ـ 3ـ قوتابخانەی (نظامیة موصل) موسڵ

بەهەمان شـــێوە ســـاڵی بنیادنانی دیارنیە، بەڵام لە دوای (نظامیة)ی بەغدا بنیادنراوە یەکێ لە زانا بەناوبانگەکانی ئەو ســـەردەمە (محي الدین ابو حامد کمال الدین شـــهرزوری) لەو قوتابخانەیە وانەی گوتۆتەوە (السبکی،1413هـ،ج6،ص185ـ186).

ئەوەی شایانی باسە هەر دوو گەریدە سەردانی شارەکەیان کردووە زۆر بەوردی ئاماژەیان بە هەموو رواڵەتە ئاواکاریەکانی شارەکە کردووە وەکو مزگەوت و دوکان و بازار و بیمارستان وکۆشک و شوراو خان ودەرگا و حانوت و تەنانەت ئاماژەیان بە گۆڕی (جرجیس) و (یونس) پێغەمبەریش کردووە، جگە لەمانەش ئاماژەیان بەشـێوازی زەخرەفەی ئیسـلامی کردووە لە بیناکاریدا بەڵام بە هیچ شـێوەیەک ئـامـاژە بەنـاوی (نـظـامـیـة)ی مـوســـڵ نـاکەن (ابـن جـبـیـر،1907،ص210؛ ابـن بطوطە،1045هـ،ج1،ص255).رەنگە هۆکاری ئاماژەنەدان بە (نظامیة)ی موســـڵ زیاتر بۆ ئەوە بگەڕێتەوە قوتـابخـانەکە دووچـاری بەڵایەک بووبێتەوە خـاپورکرابێ، چونکە هەڵکەوتەی شـــوێنی جوگرافی ناوچەکە بەشـێوەیەک بوو زۆرترین ناکۆکی و شـەڕ لەو ناوچەیە دروسـت دەبوو بەتایبەتی هەڵگەرانەوەی میر و ســـەرکردەکانی ســـەلجوقی. بە شـــێوەیەکی گشـــتی موســـڵ لە دوای ڕوخانی عوقەیلیەکان لەســـاڵی (489ک/1096ز) تاوەکو (521ک/1127ز) لەژێر دەســـەلاتی ســـوڵتانەکانی ســـەلجوقی بوو، خۆیان میریان بۆ دادەنا، زۆرجاریش ئەمانە جگە لە شـەڕی خاچیەکان بەشـداریان دەکرد لە ململانێی نێوماڵی سەلجوقی لەسەر گەیشتن بە دەسەڵات (الجمیلي،1980،ص269).

بەشێک لە سەرچاوە مێژووییەکان قوتابخانەی (نظامیة) بە یەکەم قوتابخانەی ئیسلامی دادەنێن کە بـنـیـادنـرابـێـت (الـذهـبـی،1993،ج33،ص146 ؛ ابـن خـلـکـان ،1900،ج3،ص217- 218)، بەڵام قوتابخانەی (ابی حنیفة) نزیکەی چوار یاخود پێنج مانگ پێش قوتابخانەی (نظامیة) کراوەتەوە، بە یەکەم قوتابخانە دادەنرێت لە عێراق، شـــوێنی مانەوەی قوتابییەکان و چاودێری کردنیان و پێدانی خەرجیەکانیان بۆ دابین کرابوو (جواد،ســوســە،1958،ص156)، ئەوەی پشــت راســتی ئەم زانیاریە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەکاتەوە ئاماژەکانی (البنداری)یە پێش ئەوەی باســی (نظامیة) بکات ئاماژە بە بیناکردنی قوتابخانەی (ابی حنیفة) دەکات (1900ص 31ـ32).

بەڵام لەلایکی دیکەوە زۆرێک لەســەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن پێش لە دایک بوونی (نظام الملك)، ژمارەیەك قوتابخانەی لە نیســابور هەبوون لەوانە قوتابخانەی (الســعدیة) یاخود (السعیدیة) لە ساڵی (390ك/1000ز) لەلایەن والی نیسابور (نصر بن سبكتكین) (م:412ك/1021ز) برای سوڵتان (محمود الغزنوی) (387ــــــ421ك/997ــــــ1030ز) بنیادنراوە، هەروەها قوتابخانەی (البیهقیة) لە ســاڵی (408ك/1017ز) بنیاتنراوە، هەروەها ســێیەم قوتابخانەی لەلایەن (ابو ســعد اسماعیل الاسترابادی) بنیاتنراوە، قوتابخانەیەکی شافعی مەزهەب بووە، (الاسترابادی) یەکێ بوو لە سۆفیە گەورە بانگخوازەکان لە دەوروبەری ساڵی(440ك/1048ز) وەفاتی کردووە، چوارەم قوتابخانە لەلایەن (ابی اســحــاق الاســفراینی) (م:418ك/1027ز) بنیــادنراوە (الســبکی،1413ھ ،ج4،ص ص293،314 ؛ المقریزی، 1418ھ،ج4،ص199)، ئەوەی شایانی باسە نزیکەی سی و سێ قوتابخانە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیســلامی هەبووە لەو ڕێژەیەش بیســت و هەشــت قوتابخانەیان لە پێش (نظامیة) هەبوونە کۆنترینیان لە نیســابور بنیاتنراوە دەگەڕێتەوە بۆ (حســان بن محمد القرشــی الاموی)[4] (معروف،1973،ص ص25- 53)، بەڵام (نظـامیـە)ی بەغـدا بە بەنـاوبـانگترین قوتـابخـانە دادەنرێت لەبەر ئەوەی یەکەم قوتابخانەیە کە بڕیاردراوە بۆ (فقهەکان) مامۆســتا دابنرێت ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ (نظام الملك) (المقریزی،1418ھ،ج4،ص199).

2 ـ 4 ـ قوتابخانەی تاجیە (التاجیة)

ئەم قوتابخانەیە لەلایەن (تاج الملك ابوالغنائم) (م:486ك/1093ز) لە شــاری بەغدا لە گەرەکی (باب الازج) لە ســاڵی (482ك/1089ز) بنیادنراوە بەشــێوەیەک بوو کە دیواری قوتابخانەکە لکاوە بە گۆڕی (ابو اســحاق الفیروز الابادی)،[5] یەکێ لەزانایانی شــافعی (ابوبکر الشــاشــی)[6] وانەی تێدا گوتۆتەوە، هەروەها ناوی گەرەکێك وگۆرســتانێک بەهەمان ناو بوونی هەیە (ابن الجوزی،1992،ج16،ص218 ؛ یاقوت الحموی،1995،ج2،ص5).

(نظام الملك) داوای لە خەڵك دەکرد کە قوتابخانە بنیاد بنێن و رکابەری من بکەن چونکە دەیگوت بۆ ئاخیرەت و هەم بۆ پێگەی کۆمەڵایەتی خۆتان باشــە، بۆیە (تاج الملك) رکابەرایەتی (نظام الملك)ی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەکرد ئەو قوتابخانەیەی دامەزراند کە هاوشـێوەی (نظامیة)ی بەغدا بوو(نظام الملك،2007،ص22)، بە هەمـان شـێوە قوتـابخـانەیەکی شــــافعی مەزهەب بوو نزیکبوو لە قوتـابخـانەی (نظـامیـة) (معروف،1966،ص10ـــ11)، ئەوەی شایانی باسە دەگوترێت ئەم قوتابخانەیە کەمێك باڵاتریش بووە لە (نظامیة)، لە بۆچونێکی تا ڕادەیەك جیاوازدا گوایە قوتابخانەکە (وقف) بوو لە ســـەر مەزهەبی حەنەفی، یا دەگوترێت (وقف) بووە لە سـەر مەزهەبی شـافعی، هەر لە یەکەم سـاڵدا لە لایەن (ابوبکر الشـاشـی) وانەی تێدا گوترایەوە (سـبط ابن الجوزی،2013،ج19،ص416)، بێ ئەوەی ڕوونکردنەوەی زیاتری لەسەر بدات.

2ـ 5ـ قوتابخانەی (ابن طلحة ـ صاحب المخزن)

ئەم قوتابخانەیە زیاتر لە ناوێکی هەیە ناسـراویشـە بە قوتابخانەی (کمالیة) لەلایەن (کمال الدین ابی الفتوح بن طلحة صـــاحب المخزن) لە ســـاڵی (535ك/1140ز) (ابن الاثیر،1965،ج11،ص80)، لە دەرگای (باب العامة) بنیادنراوە، پاشـان بە ئامادەبوونی (قاضـی القضـاة الزینبی) و بەرپرسـیاران و زانایان کرایەوە، هەروەها (ابو الحسن الخل) لەوێدا وانەی گوتۆتەوە (ابن الجوزی،1992،ج18،ص10 ؛ سبط ابن الجوزی،2013،ج20،ص327).

2ـ 6ـ قوتابخانەی (النجیبیة)

قوتابخانەیەکی شافعی مەزهەب بوو لە لایەن (ابي النجیب السهروردي) (م:563ك/1168ز) لە بەشی ڕۆژهەڵاتی بەغدا بنیادنراوە (معروف،1966،ص22)، لە سـاڵی (545ك/1150ز) سـوڵتان (مسـعود (527ـــ547ك/1132ـــ1152) کاتێك چۆتە بەغدا سەردانی قوتابخانەکەی کردووە، تەنانەت نوێژی بەیانی لە پشـــت (ابی النجیب) کردووە، داوای لێکرد لە قوتابخانەی (نظامیة) وانە بڵێتەوە، ئەویش وەڵامی دایـەوە بۆ ئـەو کارە دەبێت مۆڵەت لە خـەلیفە وەربگرم (ابن الجوزي،1992،ج18،ص77 ؛ ســبط،2013،ج20،ص406)، لە ئێســتادا هەمان ئەو شــوێنە دەکەوێتە بەرامبەر یانەی ئەفســەران (امین،1965،ص383).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2 ـ7ـ قوتابخانەی (بهائية)

قوتابخانەیەکی شافعی مەزهەب بوو لەنزیك (نظامية) لەلایەن (بهاء الملك) بنیادنراوە (جواد،سوسە،1958،ص156ـــــ157)، کە دەکاتە کوڕی ((نظام الملك) و برای (عز الملك) وەزیری سوڵتان (برکیاروق) (ابن الاثير،1965،ج10،ص231).

2 ـ 8 ـ قوتابخانەی (الثقتية)

ئەم قوتابخانەیە لە ڕۆژهەڵاتی بەغدا لە (باب الازج) لە سەر کەناری ڕوباری دیجلە لەلایەن (على بن محمد بن يحيى ابو الحسن الدريني) (م:549ك/1154ز)، بنیادنراوە، بە هۆی ئەوەی خادمی (ابا نصر محمد بن الفرج الابرى) بوو، بۆیە ناسراوە بە (ثقة الدولة ابن الابرى)، ئەم قوتابخانەیە تایبەت بوو بە شوێنکەوتوانی مەزهەبی شافعی (ابن الاثير،1965،ج11،ص200 ؛ ابن خلكان،1900،ج2،ص478)، لە ساڵی (540ك/1145ز) (يوسف الدمشقى) وانەی تێدا گوتۆتەوە، کاتێك (ابن الابرى) وەفاتی کرد لە خانوەکەی خۆی لە حەوشەی مزگەوت نێژراوە بەڵام دوای ماوەیەك دەریانکردووە (ابن الجوزى،1992،ج18،ص ص44 ، 100).

2 ـ 9ـ قوتابخانەی (قراح ظفر)

ئەم قوتابخانەیە ناسراوە بە (الشاشى) قوتابخانەیەکی شافعی مەزهەب بوو لە لایەن (فخرالاسلام (ابوبكر الشاشى) بنیادنراوە، هەر لەوێدا وانەی گوتۆتەوە، دواتر لە دوای دروستکردنی قوتابخانەی تاجیە لە لایەن (تاج الملك) لە گەڕەکی (باب ابرز) لەوێدا وانەی دەگوتەوە، پاشان تا ئەوکاتەی وەفاتی کرد هەر لە (نظامية) وانەی گوتۆتەوە (ابن الجوزى،1992،ج17،ص120 ؛ السبكى،1413هـ ،ج6،ص72)، واتا لە سێ قوتابخانەی شافعی مەزهەب وانەی گوتۆتەوە.

2 ـ 10ـ قوتابخانەی (زمرد خاتون)(7)

یەکێکە لە قوتابخانە بە بەهاکان، کە لەلایەن (زمرد خاتون) هاوسەری خەلیفە (المستضىء بأمرالله) لە کۆتاییەکانی سەردەمی عەباسی دروستکراوە، کەسێکی ناودارو ناسراو بووە بە کارە باشەکانی بەپێی ئاماژەی زۆرێك لە مێژوونوسان نمونەیەکی باڵابووە (المنذرى،1981،ج1،ص451 ؛ ابن الفوطى،1416،ص454 ؛ الاربلى،1885،ص207 ؛ رووف،1915،ص33).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2 ـ11ـ قوتابخانەی (فخرالدولة) (الفخرية)

قوتابخانەیەكی شـــافعی مەزهەب بووە، ناســـراوە بە (دار الذهب) لە لایەن (فخرالدولة ابن المظفر الحســـن بن هبة اللة بن على الكرمانی) (م:578ك/1182ز) لە گەڕەكی (مامونية) لە لای ڕۆژهەڵاتی بەغدا بنیادنراوە (المكی،د.ت،ص2092 ؛ معروف،1966،ص20).

2 ـ 12ـ قوتابخانەی (القيصرية)

لە بەشـــی ڕۆژهەڵاتی بەغـدا نزیـك قوتـابخـانەی (النجيبيـة) بنیـادنراوە، (فخرالـدين النوقـانی) (م:592ك/1196ز) وانەی تێدا گوتۆتەوە (معروف،1966،ص22).

2 ـ 13ـ قوتابخانەی فارقی

قوتابخانەیەكی شـــافعی مەزهەب بوو، بە یەكەم قوتابخانە دادەنرێت لە شـــاری واســـت بنیادنرابێت لەلایەن گەورە زانای شـافعی (المعاضـيدی،2006،ص230)، (حســن بن ابراهيم بن برهون فارقی) لە ســـاڵی (433ك/1041ز) لە میافارقین لە دایك بووە لەســـەر دەســـتی (ابوعبداللة الكازرونی) وانەی خوێندووە، دوای وەفاتی (كازرونی) چۆتە بەغدا لەلای (أبو اسـحاق شـيرازی) و (ابن الصـباغ) وانەی خوێندووە، پاشـــان چۆتە شـــاری واســـت بووە بە قازی، لەوێدا ماوەتەوە تاوەكو ئەوەی لە ســـاڵی (528ك/1134ز) لە تەمەنی نەوەد و پێنج ســـاڵی وەفـاتی كردووە، بەپێی ئـامـاژەی بەشـــێـك لە سـەرچاوەكان لە قوتابخانەكەی نێژراوە (الاصـفهانی،2002،ص342 ؛ ابن الاثير،1965،ج11،ص17 ؛ ابن خلكان،1900،ج2،ص77 ؛ الاسـنوی،2002،ج2،ص221)، بەلام ئەوەی شـایەنی باسـە سـەرچاوە ڕەسەنەكان بەڕوونی ئاماژە بەناوی قوتابخانەی فارقی لە شاری واست ناكەن ئەوەی كە هەیە هەریەك لە (ابن خلكان) و (الاســـنوی) كاتێ باســـی مردنی دەكەن دەڵێن لە قوتابخانەكەی نێژراوە بێ ئەوەی ئاماژە بە ناوی قوتابخانەكە بكەن، ئەگەرچی یەكێ لە ژێدەرەكان ئاماژە بەناوی قوتابخانەكە دەكات بەناوی فارقی، بەلام ئێمە پێمان وایە مەرج نیە فارقی ئەو قوتابخانەیەی بنیادنابێت ڕەنگە لەوێدا وانەی گوتبێتەوە، بەڵام لەهەمان كاتدا زۆر جاریش ناوی قوتابخانەكان لەناوی ئەو كەســـە وەردەگیرا كە بنیاتی دەنا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2 ـ 14ـ قوتابخانەی (خطلبرس)

ئەم قوتابخانەیە دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی واسـت لە بەشـی سـەرەوەی ناوچەکە لە نزیك دیجلە، لە لایەن (خطلبرس) (م:561ك/1166ز) بنیـادنراوە، مێژووەکەی لە قوتـابخـانەی (ابن الکیـال) نوێترە، بەپێی ئاماژەی سـەرچاوەکان تاوەکو سـاڵی (610ك/1213ز) چالاکییەکانی ئەو قوتابخانەیە بەردەوام بووە (المعاضیدی،2006،ص233).

2 ـ 15ـ قوتابخانەی (الغزنوی)

لە گەرەکی (الوراقین) لە شاری واست لەلایەن (أبو الفضل محمود بن أحمد بن عبدالرحمان) بنیادنراوە، لە ساڵی (557ك/1162ز) چۆتە بەغدا لە (جامع القصر) وتاری ئەداو ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد، پاشان گەڕاوەتەوە واســت و لە شــارەکە ماوەتەوە  تا ئەو کاتەی لە ســاڵی (563ك/1167ز) وەفاتی کرد، لە قوتابخانەکەی نێژراوە (القرشی،د.ت،ج2،ص154ـ155).

2 ـ 16ـ قوتابخانەی (ابن ورام)

قوتابخانەیەکی شـافعی مەزهەب بووە دەگەڕێتەوە بۆ(شـرف الدولة محمد بن ورام) لە شـاری واسـت بنیادنراوە یەکێ لە گەورە زانایان (ابو علی الحســن بن عبدالله الواســطی) (م:576ك/1180ز)وانەی تێدا گوتۆتەوە(السبکی،1413ھ،ج7،ص60 ؛ المعاضیدی،2006،ص234ـ235)

2 ـ 17ـ قوتابخانە (العقیلیة)

ناســراوە بە قوتابخانەی (الربض) بەیەکەم قوتابخانە دادەنرێت کە لە شــاری هەولێر بنیادنرابێت لە مێژووی ئیسلامیدا، بنەچەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (أبی العباس الخضر ابن نصر بن عقیل بن نصر الاربلی) لەســاڵی (487ك/1094ز) لەدایك بووە یەکێك بوو لە دیارترین زانایانی ئەو شــارە یەکەم کەس بووە وانەی تێدا گوتۆتەوە، بەدروســتــی مێژووی بنیادنانی دەگەڕێتەوە بۆ پێش دەرکەوتنی ئەتابەکی، ئەم زانـایە لە (نـظـامـیـة)ی بەغـدا وانەی خـوێـنـدووە یـەکـێ بـوو لـە زانـایـانـی شـــافـعـی (ابـن خلكان،1990،ج7،ص338 ؛ حسین،2014،ص254ــ255)، (ابن نصر) چۆتە دیمەشق دوای ماوەیەك مانەوە گەڕاوەتەوە بەغدا لە لای زانایانی وەکو ئیمام (ابی الحســن علی بن محمد بن علی الطبری) ناسراوە بە (الکیا الهراسی) هەروەها لەلای (ابن الشاشی) وانەی خوێندووە پاشان گەڕاوەتەوە هەولێر،

بۆتە موفتی شارەکە و وانەی گوتۆتەوە (ابن العساکر،1995،ج16،ص449 ؛ ابن خلكان،1900،ج2،ص237).

2 ـ 18ـ قوتابخانەی (القلعة)

قوتابخانەیەکی شافعی مەزهەب بوو لە لایەن (ابو منصور سرفتكين بن عبدالله الزينى) جێگری دەسەڵاتداری هەولێر (صاحب اربل) لە ساڵی (533ك/1138ز) بنیادنراوە (خضر بن نصر العقيلى وانەی تێدا گوتۆتەوە تاوەکو لە ساڵی (567ك/1171ز) وەفاتی کرد هەر لەوێ نێژراوە (ابن خلكان،1900،ج2،ص237 ؛ حسين،2014،ص255 ؛ العبود،1980،مج9،ع3، ص35).

**تەوەرەی سێیەم : قوتابخانەکانی مەزهەبی حەنبەلی**

قوتابخانەکانی مەزهەبی حەنبەلی وەکو (عبدالقادرالجيلانى ــ المخرمى ــ سيدة بنفشه (الشاطئيه) ـ ابن الابرى ـ ابن الجوزي ـ ابن هبيرة ـ باتكين ... هتد) (معروف،1966،ص10ـ11).

3 ـ1ـ قوتابخانەی (ابو شجاع)

قوتابخانەیەکی حەنبەلی مەزهەب بووە لە ساڵی (520ك/1126ز) لەلایەن (بهرام بن بهرام أبو شجاع) لە گەرەکی (باب الأزج) لە دەرگای (کلواذی) بنیادنراوە، بەشێك لە موڵکەکانی خۆی کردە (وقف) بۆ زانایان گرنگی بە لایەنی زانستی داوە، کەسێکی خێرخواز و چاکەکار بووە (ابن الجوزی،1992،ج17،ص240 ؛ ابن كثير،1986،ج12،ص197).

3 ـ 2ـ قوتابخانەی (ابن الابرادى)

قوتابخانەیەکی حەنبەلی مەزهەب بووە لە لایەن (محمد بن احمد بن على ابو الحسن ابن الابرادى)، لە بەشی ڕۆژهەڵاتی بەغدا لە گەڕەکی (البدرية) بنیادنراوە، دوای ئەوەی ماڵەکەی خۆی کردە (وقف) و کردیە قوتابخانە بۆ شوێنکەوتوانی (احمد بن حنبل)، لە ڕۆژی پێنج شەممە (22 رمضان) ساڵی (531ك/1136ز) وەفاتی کرد لە گۆڕستانی (باب ابرز) نێژراوە (ابن الجوزى،1992،ج17،ص325).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3-3ـ قوتابخانەی (ابن هبیرة)

قوتابخانەیەکی حەنبەلی مەزهەب بووە لەلایەن (ابوالمظفر یحیی بن محمد بن هبیرة (ابن الجوزی،1992،ج18،ص55ــــ56)، لە بەشی رۆژئاوای شاری بەغدا لە گەڕەکی (باب البصرة) لە ساڵی (557ك/1162ز) بنیادنراوە، موچەی بە زاناکان داوە (ابو الحسـن البراندسـی الحنبلی) وانەی تێدا گوتۆتەوە، هەروەها پێشـی گوتراوە قوتابخانەی (الوزیر)، دواتر ڕوخاوە، کاتێ (ابن هبیرة) لەسـاڵی (560ك/1165ز) وەفـاتـی کـرد لەوێـدا بەخـاك نـێـژراوە (سـبـط،2013،ج21،ص26 ؛ الحنبلی،2003،ص65 ؛ امین،1965،ص381).

3 ـ 4 ـ قوتابخانەی (المخرمی)

دەگـەڕێتـەوە بۆ دامـەزرێنـەرەکـەی بـە نـاوی (القـاضـی ابو سـعـد المبـارك بن علی المخرمی) (م:513ك/1119ز) لە بەشـی ڕۆژهەڵاتی بەغدا لە (باب الازج) بنیادنراوە، کاتێ وەفاتی کرد ئەم قوتابخانەیە کەوتە ژێر سەرپەرشتی شێخ (عبدالقادر الجیلانی) تا کاتی وەفاتکردنی (ابن الجوزی،1992،ج18،ص173 ؛ سبط،2013،ج21،ص77 ؛ الذهبی،1985،ج19،ص428).

3 ـ 5ـ قوتابخانەی شێخ (عبدالقادر الجیلانی)

وەکو پێشـتر ئاماژەمان پێی کرد. لە بنەرەتدا لەلایەن زانای حەنبەلی (ابی سـعد المخرمی) لە بەشـی ڕۆژهەڵاتی بەغدا لە (باب الازج) بنیادنراوە کاتێ (المخرمی) وەفاتی کرد، قوتابخانەکە کەوتە دەسـت (عبدالقادر الجیلانی) یەکێ بوو لە گەورە بانگخوازەکان، قوتابخانەکەی نۆژەنکردەوە و فراوانی کرد، هەمیشـە قوتابخانەکەی پڕ بوو لە خەڵك وتاری بۆ ئەدان و ئامۆگاری ئەکردن، دواتر کردیە (وقف) بۆ حەنبەلیەکان، لە سـاڵی (561ك/1166ز) لە تەمەنی نەود سـاڵیدا کۆچی دوایی کردووە لە قـوتـابـخـانـەکـەی نـێـژراوە (ابـن الـجـوزی،1992،ج18،ص173 ؛ سـبـط ،2013،ج21،ص77 ؛ الذهبی،1985،ج19،ص428)، (الجیلانی) هەموو ڕۆژانی هەینی و سێشەممە لەو قوتابخانەیە وتاری ئـەدا بـۆ خـەڵـکـی، بـۆ مـاوەی سـی و سـێ سـاڵ وانـەی گـوتـۆتـەوەو فـتـوای داوە بـۆ خەڵکی(الشـطنوفی،2013،ص60)، هەروەها ئەو قوتابخانەیە ناسـراویشـە بە (القادریة) یا (الجیلی) یاخود (ابن المخرمی) (الحنبلی،2003،ص65).

3 ـ 6 ـ قوتابخانەی (ابی حکیم النهروانی)

قوتابخانەیەکی حەنبەلی مەزهەب بووە لە گەرەکی (باب الأزج ) لەلایەن (ابی حکیم النهروانی)(م:556ك/1161ز) بنیادنراوە (الذهبی،1984،ج4،ص159)، (النهروانی) گەورە زانایەکی حەنبەلی بووە، لەلای (ابن ملة) و (ابن حصین)و کەسانی دیکە فێری زانستی فەرمودە بووە لەسەر دەستی (ابی سعدون حمزة) بۆتە زانا، کەسێکی دیندارو چاکەکار و دونیا نەویست بووە تەنانەت خەڵکی زۆر سودیان لێی وەرگرتووە بەر لەوەی وەفات بکات قوتابخانەکەی سپاردووە بە (ابن الجوزی) (ابن الجوزی،1992،ج18،ص149 ؛ ابن العماد،1986،ج6،ص294)، هەروەها بەم قوتابخانەیە گوتراوە قوتابخانەی (ابن دینار) دەگەڕێتەوە بۆ سەر ناوی (ابی حکیم ابن دینار) (الحنبلی،2003،ص65).

3 ـ7ـ قوتابخانەی (ابن شمحل)

قوتابخانەیەکی حەنبەلی مەزهەب بووە لە گەڕەکی (مأمونیة) لە بەشی رۆژهەلاتی بەغدا لە ساڵی (556ك/1161ز) لەلایەن (ابو قاسم عمر بن ثابت بن علی البغدادی) ناسراوە بە (ابن شمحل) کراوەتەوە، ئەم قوتابخانەیە بە دوو مانگ پێش وەفاتی (ابی حکیم النهروانی) کەوتۆتە دەستی و وانەی تێدا گوتۆتەوە، دوای ئەوەی (النهروانی) لە ساڵی (556ك/1161ز) وەفاتی کرد، ئەم قوتابخانەیەش بەهامان شێوەی قوتابخانەی (ابی حکیم النهروانی) کەوتە دەست (ابن الجوزی) (ابن الجوزی،1992،ج18،ص ص147،149 ؛ الذهبی،1993،ج39،ص104 ؛ الحنبلی،2003،ص65 ؛ ابن العماد،1986،ج6،ص294)، لە کۆتایدا هەردوو قوتابخانەکە کەوتە دەست(ابن الجوزی)

3 ـ 8 ـ قوتابخانەی (ابن البل)

قوتابخانەیەکی حەنبەلی مەزهەب بووە، دەکەوتە گەرەکی (الریان)، کۆمەڵێ لە زانایانی وەکو (فضل بن سهل الأسفراینی،أبی منصور الفزاز،قاضی ابی یعلی ابن القاضی ابی خازم) چەندانی دیکەش وانەیان تێدا گوتۆتەوە (ابن رجب،2005،ج2،ص213)، لە لایەن (محمد بن علی بن نصر ابن البل الدوری)یە، نازناوی (مهذب الدین) بوو بنیادنراوە، زانایەکی حەنبەلی بوو کاتێ لە ساڵی (611ك/1214ز) وەفاتی کرد لە (رباط)ەکەی خۆی نێژراوە (ابن رجب،2005،ج3،ص162)، ئەم قوتابخانەیە بە پێی ئاماژەی ژێدەرێك گوایە دەکەوێتە لای ڕۆژئاوای بەغدا (معروف،1966،ص23)،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەلام بە پشــت بەســتن بە ســەرچاوەکان گەڕەکی (الريان) دەکەوتە لای ڕۆژهەڵاتی بەغدا (ياقوت الحموی،1995،ج3،ص111).

3ـ9 ـ قوتابخانەی (السيدة بنفشة)(8)

لەلایەن (السيدة بنفشة) هاوسەری خەلیفە (المستضئ) (566ــ575ك/1170ــ1179ز) بوو، شوێنی قوتابخانەکە لەبنەڕەتدا ماڵی (نظام الدين ابی نصــر المظفر بن علی بن جهير) وەزیری خەلیفە (المقتفی) (532ـــ555ك/1137ـــ1160ز) بوو لە (باب المراتب) لەسەر کەناری دیجلە لەلای (باب الأزج) لە بەشی ڕۆژهەڵاتی بەغدا، دوای ئەوەی (ابن جهير) لە ساڵی (542ك/1147ز) لە پوستەکەی دورخرایەوە، بەلام دواتر (بنفشة) ئەو شوێنەی کڕیوە و کردویەتی بە (وقف) بۆ حەنبەلیەکان، پاشان لەساڵی (570ك/1174ز) قوتابخانەکەی داوەتە دەست (ابن الجوزی) (م:597ك/1200ز)، وانەی تێدا گـوتـۆتەوە (ســبـط،2013،ج20،ص374 ؛ ابـن الســاعـی ،1968،ص111-112 ؛ ابـن الساعی،1934،ج9،ص89 ؛ الحنبلی،2003،ص64 ؛ رؤوف،2015،ص31)، ئەوەی شایانی باسە ئەم قوتابخانەیە بە ئامادەبوونی (قاضی القضاء) و (حاجب)و ئامادەبوونی نزیکەی پەنجا هەزار کەس لە شوێنکەوتوانی مەزهەبی حەنبەلی لە هەمان ساڵ کرایەوە (سبط،2013،ج21،ص225).

3ـ 10ـ قوتابخانەی (ابن الجوزی)

ئەم قوتابخانەیە دەکەوێتە (درب دينار) بە پێی ئاماژەکانی (ابن الجوزی) لە ڕوداوەکانی ســاڵی (570ك/1174ز)، دەڵێ'' لە ڕۆژی یەکشەممە (3 محرم) دەستم بەوانە گوتنەوە کرد کە چواردە وانەم لە (فنون العلوم) گوتەوە ,, (1992،ج18،ص211)، بەڵام بەو پێیەی ئەم قوتابخانەیە ئەکەوێتە گەڕەکی (درب دينار)، جیاوازە لە قوتابخانەی (السيدة بنفشة) کە دەکەوتە لای دەرگای (باب المراتب) لە گەڕەکی (باب الازج)، تەنانەت لە ڕوداوەکانی هەمان ساڵ ناویان هاتووە.

3 ـ11 ـ قوتابخانەی (درب القيار)

ئەم قوتابخانەیە بە چەند ناوێکی دیکە ناسراوە وەکو قوتابخانەی (الحرانی)، یاخود قوتابخانەی (ابن بكروس) لە لایەن (ابو العباس احمد بن بكروس الحمامی الحنبلی) (م:573ھ/١١٧٧ز) بنیادنراوە بۆ

حەنبەلیەکان (الحنبلی،2003،ص64)، لە ڕۆژهەڵاتی بەغدا لە تەنیشت خانووەکەی لە (درب القیار) (معروف،1966،ص20).

3 ـ12ـ قوتابخانەی (ابن دویرة)

قوتابخانەیەکی حەنبەلی مەزهەب بوو لە شاری بەسرە لە لایەن گەورە زانا و سەرۆکی حەنبەلیەکان (ابو علی بن ابی الحسن بن دویرة البصری) بنیادنراوە، (ابن دویرة) کەسێکی باش و چاکەکار بوو لە قوتابخانەکەی قورئانی بە زیاتر لە هەزار کەس لەبەر کردوو، کاتێك لە ساڵی (652ك/1254ز) وەفاتی کرد، یەکێك لە قوتابیەکانی بە ناوی شێخ (نورالدین عبدالرحمن بن عمر البصری) لە قوتابخانەکە وانەی گوتۆتەوە (ابن العماد،1986،ج7،ص446)، بەڵام لە سەرچاوەکان ئاماژە بە ساڵی بنیادنانی نەکراوە.

3ـ13ـ قوتابخانەی (باتکین)

(الامیر ابو المظفر باتکین بن عبدالله الرومی) لە تەمەنی هەرزەکاریدا لە ساڵی (574ک/1178ز) چۆتە بەغدا، ڕەوشتی باشی وەرگرت و گەشەی کرد و بارودۆخی ژیانی گۆڕا تاوەکو لە ڕۆژگاری خەلیفە (ناصر لدین الله) بەسەرەی پێدرا، زۆر لاینی بیناسازی جوانی بنیادناوە لەوانە قوتابخانەیەکی بۆ مەزهەبی حەنبەلی بنیادناوە، پەرتوکخانەیەکی کردە (وقف) بۆ قوتابخانەکە بە هۆی زۆری کارە باشەکانی خەڵکی داوایان لێی کرد بیکەنە سوڵتان بە سەر شارەکەوە (الذهبی،1993،ج46،ص431)، ئەم قوتابخانەیە بە یەکێك لە گرنگترین قوتابخانەکان دادەنرێت زانستی پزیشکی تێدا دەخوێندرا (العبود،1980،مج9،ع3،ص37).

ئەوەی شایانی باسە لەو سەردەمەدا قوتابخانەی هەبووە دوو مەزهەبی تێدا پەیڕەو کراوە وەکو. قوتابخانەی (سعادة) قوتابخانەیەکی هاوبەش بووە لە نێوان مەزهەبی شافعی و حەنەفی لە بەشی ڕۆژهەڵاتی بەغدا لە لایەن (الامیر عزالدین سعادة الرسائیلی) (م:500ك/ 1106ز) بنیاتنراوە (جواد،سوسە،1958،ص183 ؛ معروف،1966،ص21).

ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە هیچ قوتابخانەیەکی سەر بەمەزهەبی مالکی لە عێراق لەو سەردەمەدا بوونی نەبووە . تاوەکو سەردەمی خەلیفە (ناصرلدین اللە) لە ساڵی (607ك/1210ز) مۆڵەتیدا بە (تقی الدین علی بن جابر المغربی) (م:696ك/1296ز) بۆ بنیادنانی قوتابخانەی مالکی، هاوکات

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مۆلەتی دایە هەر یەك لە (امام ضیاءالدین عبدالوهاب) لە سەر مەزهەبی شافعی و (ضیاءالدین احمد بن مسعود الترکستانی) لە سەر مەزهەبی حەنەفی و (عمادالدین الجیلی) لە سەر مەزهەبی حەنبەلی، بە جۆرێك هەر یەك لەمانە کاری ڕاست و دروستی خۆیان ئەنجام بدەن و سەرپەرشتی مەزهەبەکانی خۆیان بکەن (سبط،2013،ج22،ص171-172 ؛ الذهبی،1993،ج43،ص29)، تا ئەوەی بۆ یەکەم جار لە ساڵی (631ك/1233ز) قوتابخانەی (المستنصریة) کرایەوە، قوتابخانەیەکی چوار مەزهەبی بوو، تەنانەت (المغربی) جێگری سەرپەرشتیاری مەزهەبی مالك بوو لە قوتابخانەکە (معروف،1966،ص10ــــ11)، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم قوتابخانەیە ناکەوێتە سەردەمی سەلجوقی بۆیە نەچووینە نێو ناوەڕۆکی بابەتەکە.

## دەرئەنجام

1ــ بنیاتنانی قوتابخانەکان بەو ڕێژە زۆرە دەرئەنجامی بوونی مەزهەبی جیاواز بوو لە عێراق چونکە ئەمە وایکرد کێ برکێ دروست ببێت لەسەر بنیاتنانی قوتابخانەی زیاتر و برەودان بە بیرو مەزهەبەکەی تەنانەت (نظام الملك) بۆ خۆی بانگەشەی دەکرد لەسەر ئەوەی خەڵکی قوتابخانەی زیاتر بنیات بنێن.

2ــ مێژووی بنیادنان و سەرهەڵدانی قوتابخانە دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەردەمی سەلجوقیەکان، بەڵام لەو سەردەمە گەیشتە لوتکەی گەشەکردنی بە جۆرێك بوو قوتابی لە هەموو هەرێمەکانی ئیسلامی ڕوویان کردۆتە شاری بەغدا، بەڵام مەرج نیە هەموو قوتابییەکان بە ئامانجی وەرگرتنی زانست هاتبنە شاری بەغدا، ڕەنگە مەبەستی بازرگانی لەگەڵ دا بووبێت.

3ــــ بۆ یەکەم جار لە عێراق قوتابخانە لە سەردەمی سەلجوقیەکان بنیادنراوە، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ جیاکردنەوەی شوێنی خوێندن لە شوێنەکانی پەرستش، چونکە لە پێشتردا مزگەوت ڕۆڵی زانستی گێڕاوە، زیاتر زانستە ئاینییەکان دەخوێندرا، بەڵام بە بنیاتنانی قوتابخانەکان زاستە جیاوازەکانی وەکو پزیشکی و فەلەکی و کیمیا و... هتد .

4ــــ بنیادنانی قوتابخانەکان بەو شێوازە بەربڵاوە کاریگەری گەورەی لە دوای خۆی بەجێهێشت، لە سەردەمەکانی دواتر لە سەر هەمان شێوازی (نظامیة) قوتابخانەکانیان بنیاد ناوە تەنانەت وڵاتانی ئەوروپی لاسایی (نظامیة)ی بەغدایان کردۆتەوە.

5ـــــــ قوتابخانەکان بە شێوازێك بنیادنرابوو هاوشێوەی زانکۆکانی ئێستا دەردەکەوتن بە تایبەتی (نظامیة)ی بەغدا، بە جۆرێك بوو کە شـــوێنی مانەوەی بۆ مامۆســـتا و قوتابیان دابینکردبوو لەگەڵ تەواوی پێداویستیەکانی تەنانەت موچەشی پێداون.

---

## پەراوێزەکان

(1)تورک یەکێک لەو میللەتە کۆنانەیە لە ناوەڕاســتی ئاســیا دەرکەوتوون لێکۆڵەران هاوڕان لە ســەر ئەوەی کە نیشتیمانی ڕەسەنیان ناوەڕاستی ئاسیایە، ڕۆڵێکی گرینگیان لە کیشوەرانی جیهانی کۆن گێڕاوە (کتابجی،1972،ص19)، لە بنەڕەتدا بیسـت و دوو هۆزن دەگەڕێنەوە سـەر (ترک بن یافث بن نوح) هەر هۆزێـک چەنـدین بەرەن دەگوترێـت ژمـارەیـان زۆر بووە کە تەنها خوا ئەزانێ چەنـدە لە دیارترین هۆزەکان وەکو (بجنک ـ قفجاق ـ اغز ـ یماک ـ قای ـ تتار) (الکاشغری،1333،ص27ـ 28)، لە سەرچاوە عەرەبیەکان ئاماژە بە ناوی چەند هۆزێکیان کراوە وەك ( الخرخلية ـــ الغز ـــ کیماك ـــ الطغزغز ـ الخزر) (مسعودی،د.ت،ص72).

(2)ابو سـعد المسـتوفی : (م:494ك/1101ز) لە شـاری مەرۆ قوتابخانەی بنیادناوە پەرتوکی بە نرخی بۆ داناوە، دوو (رباط)ی لە بیابان بنیادناوە یارمەتی هەژارانی داوە، سـولّتان (ملکشـاه) سـەد هەزار دیناری پێداوە بۆ کارە خزمەتگوزاریەکانی،لە ئەسفەهان وەفاتی کرد(ابن الجوزی،1992،ج17،ص72 ؛ ابن الاثیر،1965،ج10،ص326).

(3) ترکان خاتون : (ترکان بنت طراج) خێزانی سـولّتان (مەلک شـاە) و دایکی سـولّتان (محمود)ی سـەلجوقییە، باوکی دەگەڕێتەوە سـەر ئەفراسـیاب پاشـای فارس، خاتون کەسـێکی پارێزگار و بە شەهامەت و دەسەڵاتداری ئەسفەهان بوو، تا کاتی مردنی زیاتر لە دە هەزار تورکی لە گەڵ بوو ، دوای مردنی سـولّتان توانی پارێزگاری لە ماڵ و سـامان و دەسـەڵاتی بکات تاوەکو لە ڕەمەزانی سـاڵی (487ک/1049ز) وەفاتی کردووە. ابن الجوزی، 1992، ج17، ص14.

(4)حسان القرشی : (م:349ك/960ز) یەکێك بوو لە زانا گەورەکانی شافعی لە خوراسان، شارەزای بواری فەرموده بوو پەرتوکێکی نوسی لەسەر(صحیح المسلم) (الیافعی،1997،ج2،ص258 ؛ ابن العماد،1987،ج4،ص257).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(5)ابو اسحاق الفيروز ابادى : ناوى (ابو اسحاق ابراهيم ابن على الشيرزى)يە لە ساڵى (393ك/1003ز) لە (فيروز اباد) لە دايك بووە، ناوچەيەكە لە فارس كە پێى دەگوترا شارى (جون)، سەرەتا چۆتە شيراز وانەى (الفقه) خوێندووە، دواتر چۆتە بەسرە و پاشان لە ساڵى (415ك/1024ز) چۆتە بەغدا، يەكێ بوو لە زانا گەورەكانى سەردەمى خۆى لە ساڵى (476ك/1083ز) وهفاتى كردووە (ابو الفداء،د.ت،ج2،ص194).

(6)ابو بكر الشاشى : ناوى (محمد بن احمد بن الحسين الشاشى)يە، يەكێ بوو لە زانايانى شافعى لە لاى هەر يەك لە (على ابى يعلى ــ ابى بكر الخطيب ــ ابى اسحاق الشيرازى) وانەى خوێندووە، پاشان بۆتە مامۆستا لە (نظامية)، لە ساڵى(507ك/1113ز) لە تەنيشت (ابى اسحاق الشيرازى) نێژراوە (ابن كثير،1986،ج12،ص177ـ178).

(7)زمرد خاتون :لە بنەچەدا تورک بوو خێزانى خەليفە (المستضىء) و دايكى خەليفە (ناصرلدين اللة) بووە، بە يەكێ لە ديارترين و ناسراوترين ئافرەتەكانى ئەو سەردەمە دادەنرێت لە ڕووى كارى چاكەكارى و خێرخوازى و ئاواكارى و (صدقة جارية) وەكو بيناكردنى مزگەوت و مەزارگە و (رباط) و قوتابخانە و چەندان كارى ديكە، دەستێكى باڵاى هەبووە هەموو ئەمانەى كردە (وقف)، لە ساڵى (599ک/1202ز) وەفاتى كرد لە مەزارگەكەى خۆى لە لاى گۆڕستانى شێخ (معروف الكرخى) نێژرا (ابن الاثير،1965،ج12.ص184 ؛ ابن الدبيثى،2006،ج5،ص140-141 : سبط،2013،ج22،ص128 ؛ المنذرى،1981،ج1،ص451 ؛ ابن الساعى،1934،ج9،ص102 ؛ ابن تغرى بردى،1935،ج6،ص182 ؛ الاربلى،1885،ص207).

(8)(السيدة بنفشه) : (بنفشة بنت عبداللة التركية) بە گوێرەى ئاماژەى زۆرێک لە سەرچاوە مێژووييەكان كە بوايە جاريەى خەليفە (المستضىء) بووە، بەڵام بەشێكيش وەكو خێزانى خەليفە ئاماژەى پێ ئەكەن كەسێكى بەخشەرو چاكەكار بوو، ڕۆڵێكى گەورەى گێڕاوە لە ئاواكاريدا وەكو بنيادنانى ڕيبات و قوتابخانەو مزگەوت و پرد سەرەڕاى كارە ئاواكاريەكانى لە دەرەوەى عێراق لە سەر ڕێگاى مەككە كە چەندين پاشماوەو شوێنەوارى لێ بە جێماوە خاتون لە ڕۆژى هەينى (19ربيع الاخر 598 ه) وەفاتى كرد لە بەشى ڕۆژئاواى بەغدا لە تەنيشت گۆڕستانى شێخ (معروف الكرخى) نێژراوە (ابن الاثير،1965،ج12،ص178 ؛ سبط،2013،ج22،ص125 ؛ ابن الساعى،1934،ص88- 89 ؛ الحنبلى،2003،ص64).

## لسیتی سەرچاوەکان

1ــ ابن الاثير ، محمد بن عبد الكريم بن عبد الواحد الشيباني الجزري (المتوفى: 630 ه)، (1965) ، الكامل فى التاريخ ، الطبة اخرى ، بيروت ، دار الصادر، الشامله الذهبية.
2ـــــ الاصفهانى ، عمادالدين ابو حامد محمد (المتوفى :597 ه) ، (2002) ، البستان الجامع لجميع تواريخ اهل الزمان ، ت: عمر عبدالسلام تدمرى ، ط1 ، بيروت ، المكتبة العصرية.
3ـــــ الاسنوى، عبد الرحيم بن الحسن بن علي الإسنوي الشافعيّ (المتوفى: 772 هـــ) ،(2002) ، طبقات الشافعية، ت: كمال يوسف الحوت،ط1،دار الكتب العلمية.
4ـ الاربلى،سبط قنيتو ، (1885) ، خلاصة الذهب المسبوك مختصر من سير الملوك ، بيروت ، مطبعة القديس جاورجيوس للروم الارثوذكس.
5ـ امين ، حسين ، (1965) ، العراق فى العصر السلجوقى ، بغداد ، مطبعة الارشاد.
6ـــــ البغدادى، أبو بكر أحمد بن علي بن ثابت بن أحمد بن مهدي الخطيب البغدادي (المتوفى: 463 هـــ)، (2001)، تاريخ بغداد، ت: بشار عواد معروف،ط1،بيروت،دار الغرب الاسلامى.
7ـ البندارى، الفتح بن على بن محمد الاصفهانى،(1900)، دولة ال سلجوق، مصر، المطبعة الموسوعات.
8ـ ابن بطوطة، محمد بن عبد الله بن محمد بن إبراهيم الطنجي أبو عبد الله ابن بطوطة (المتوفى: 779 هـ) ، (1405 ه) ، رحلة ابن بطوطة ، ت: على المنتصر الكتانى ، بيروت ، مؤسسة الرسالة.
9ـــ ابن تغرى بردى، يوسف بن تغري بردي بن عبد الله الظاهري الحنفي (المتوفى: 874هــ)، (1935) ، النجوم الزهرة فى ملوك مصر والقاهرة ،القاهرة ،دار الكتب المصرية.
10ــ ابن الجوزى، جمال الدين أبو الفرج عبد الرحمن علي بن محمد الجوزي (المتوفى: 597هـ) ، (1992) ، المنتظم فى التاريخ الامم والملوك ، ت: محمد عبدالقادر عطا ، مصـــطفى عبدالقادر عطا ، بيروت ، دار الكتب العلمية.
11ــ ابن جبير، محمد بن أحمد بن جبير الكناني الأندلسي (المتوفى: 614هـ) ، (1907) ، رحلة ابن جبير ، ط1 ، بيروت ، دار بيروت.
12ـ الجميلى،رشيد عبداللة،(1980)، اماره الموصل فى العصر السلجوقى ،ط1، بغداد،مكتبة مهتدين .
13ـــ جواد،مصطفى ، سوسة،احمد،(1958)، دليل خارطة بغداد المفصل فى خطط بغداد قديما وحديثا، بغداد ، مطبوعات المجمع العلمى العراقى.
14ـــــ الحسينى،صدرالدين ابى الحسن على(المتوفى : 622ه) ، (1933) ، اخبار الدولة السلجوقية ، ت: محمد اقبال ، لاهور ، نشريات كلية فنجاب.
15ـ الحنبلى ، تقى الدين احمد بن على البغدادى(المتوفى : 749ه) ،(2003)، المنور فى راجح المحرر، ت: وليد عبداللة
المنيس ، بيروت ، دار البشائر الاسلامية.
16ـ حسن ، زكى محمد ، (1948) ، فنون الاسلام ، ط1 ، القاهره ، مكتبة النهضة المصرية.
17ـــ حسنين،عبدالنعيم محمد ، (1982) ، ايران والعراق فى العصر السلجوقى ،ط1، بيروت، دار الكتاب اللبنانى.
18ـ حسين ، محسن محمد ، (2014) ، اربيل فى عهد الاتابكى ، اربيل ، مكتبة التفسير.
19ـ ابن خلكان، أبو العباس شمس الدين بن أبي بكر البرمكي الإربلي (المتوفى: 681هـ) ، (1900) ، وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، ت: احسان عباس،بيروت،دار صادر.

20ــ ابن الدبيثى، أبو عبد الله محمد بن سعيد (637 هـ) ، (2006)، ذيل تاريخ مدينة السلام ، ت:بشار عواد معروف ،ط1،دار الغرب الاسلامى.
21ــ ابن دحيية،ابى الخطاب عمر بن الشيخ ابى على حسن(المتوفى : 633ه)، (1946)، النبراس فى تاريخ خلفاء بنى العباس، ت: عباس العزاوى ، بغداد ، مطبعة المعارف
22ــــ درويش ، محمود ، (2016) ،التخطيط المعمارى للمدارس الاسلامية،موسوعة الدراسات والبحوث الاثارية.
23ــــ الذهبى، شمس الدين أبو عبد الله محمد بن أحمد بن عثمان (المتوفى: 748هــ) ، (1993) ، تاريخ الاسلام ووفيات المشاهر والاعلام ، ت: عمر عبد السلام التدمرى ، بيروت ، دار الكتب العربى.
24ـ (1985) ، سير اعلام النبلاء ، ت: الشيخ شعيب الأرناؤوط واخرون ، ط3 ، مؤسسةالرسالة.
25ـ (2003) ، العرش ، ت: محمد بن خليفة بن على التميمى ،ط2، المدينة المنورة.
26ـ (1984) ، العبر في خبر من غبر، ت:صلاح الدين المنجد،الكويت،مطبعة حكومة الكويت.
27ـــ الرواندى،محمد بن على سليمان(المتوفى:603ه) ، (2005) ، راحة الصدور واية السرور فى تاريخ الدولة السلجوقية ، ت: ابراهيم امين الشواربى واخرون ، القاهرة ، المجلس الاعلى للثقافة.
28- ابن رجب، زين الدين عبد الرحمن بن أحمد بن رجب بن الحسن، السَلامي، البغدادي (المتوفى: 795هــ) ،(2005)، ذيل الطبقات الحنابلة ، ت: عبدالرحن بن سليمان العثيمين ، الرياض ، مكتبةالعبيكان.
29ـ رؤوف،عماد عبدالسلام ،(2015)، من تاريخ الخدمات النسوية العامة فى بغداد،الشاملة الذهبية.
30ــــ سبط ابن الجوزى، شمس الدين أبو المظفر يوسف بن قِزْأُوغلي بن عبد الله (المتوفى: 654 هــــ)، (2013) ، مرآة الزمان في تواريخ الأعيان ، ت: محمد بركات واخرون ،ط1، دمشق ، دار الرسالة العالمية.
31ــــ ابن الساعى، علي بن أنجب بن عثمان بن عبد الله أبو طالب (المتوفى: 674هـــ) ، (1968) ، نساء الخلفاء ، ت: مصطفى جواد ، القاهرة ، دار المعارف.
32ـ (1938) ، الجامع المختصر فى عنوان التواريخ وعيون السير ، ت: مصطفى جواد ، بغداد ، مطبعة السريانية الكاثوليكية.
33ـ السبكى، تاج الدين عبد الوهاب بن تقي الدين (المتوفى: 771هـ) ،(1413ه) ، طبقات الشافعية الكبرى ، ت:محمود محمد الطناحي،عبد الفتاح محمد الحلو، ط2 ، هجر للطباعة والنشر والتوزيع.
34ــــ السيوطى، عبد الرحمن بن أبي بكر، جلال الدين (المتوفى: 911هـــ)، (2004) ، تاريخ الخلفاء ، ت: حمدي الدمرداش ،ط2، مكتبة نزار مصطفى الباز.
35ــــ الشطنوفى،على بن يوسف (المتوفى : 713ه) ، (2013) ، بهجة الاسرار ومعدن الانوار ، ت:جمال الدين فالح الكيلانى ،ط2، المغرب، المنظمة المغربية والثقافة والعلوم.
36ــــ ابن العساكر، أبو القاسم علي بن الحسن بن هبة الله (المتوفى: 571هـــ) ، (1995) ، تاريخ دمشق ، المحقق: عمرو بن غرامة العمورى ، بيروت، دارالفكر.
37ــــ ابن العديم،كمال الدين عمر بن أحمد بن هبة الله بن أبي جرادة العقيلي(المتوفى: 660هـ) ،(د.ت)، بغية الطلب في تاريخ حلب ، ت: سهيل زكار ، دار الفكر، الشاملة الذهبية.
38ــــــــ ابن العماد، عبد الحي بن أحمد بن محمد ابن العماد العَكري الحنبلي(المتوفى: 1089هـــــــ) ،(1986)،شذرات الذهب في أخبار من ذهب،ت:محمود الأرناؤوط،بيروت، دار ابن كثير.
39ـ عدوان،احمد محمد ،(1990)، موجز فى تاريخ دويلات المشرق الاسلامى،رياض،دار العلم الكتب.
40ـ عواد،كوركيس ، (1948) ، خزائن الكتب القديمة فى العراق ، بغداد ، مطبعة المعارف.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

41ـ العبود ، نافع توفيق ، (1980) ، مدارس المدن العراقية خارج بغداد فى العصر العباسى ، المورد ، بغداد ، دار الجاحظ.
42ـ المعاضيدى،عبدالقادر سليمان ، (2006) ، واسط فى العصر العباسى ،ط1، بيروت ، الدار العربية للموسوعات.
43ـ المعاضيدى،خارشع ، الجميلى،رشيد عبداللة ، (1980) ، تاريخ الدويلات العربية والاسلامية فى المشرق والمغرب ، بغداد ، جامعة بغداد.
44ــــ ابو الفداء، أبو الفداء عماد الدين إسماعيل بن علي (المتوفى: 732هــ) ،(د.ت)، المختصر فى الاخبار البشر ،ط1، المطبعة الحسينية المصرية،الشاملة الذهبية.
45ــــ ابن الفوطى، كمال الدين أبو الفضل عبد الرزاق بن أحمد (المتوفى: 723 هـــ) ، (1416ه) ، مجمع الآداب في معجم الألقاب ، ت: محمد الكاظم ، ط1، ايران وزارة الثقافة والإرشاد الإسلامي.
46ــــــ القرشى،عبدالقادر بن محمد بن نصرالله (المتوفى : 775ه) ، (د.ت) ، الجواهر المضية في طبقات الحنفية ، كراتشي ، مير محمد كتب خانه.
47ــــ ابن كثير، أبو الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي البصري (المتوفى: 774هــ)، (1986)، البداية والنهاية ، بيروت ، دار الفكر.
48ـ الكاشغرى،محمود بن حسين ، (1333 ه) ، ديوان لغات الترك ، دار الخلافة العلية،مطبعة عامرة.
49ـ كتابچى ، زكريا ، (1972) ، الترك فى المؤلفات الجاحظ ، بيروت ، دار الثقافة.
50ـكيانى،محمد يوسف،(1392)،تاريخ هنرمعمارى ايران دردورەهاى اسلامى،تهران،انتشارات سمت
51ــــ المسعودى، أبو الحسن على بن الحسين بن على (المتوفى: 346 هــ) ، (د.ت) ، التنبيه والإشراف ،ت: عبد الله إسماعيل الصاوي،القاهرة ، دارالصاوي .
52ــــ المنذرى، عبد العظيم بن عبد القوي بن عبد الله (المتوفى: 656 هــ) ، (1981) ، التكملة لوفيات النقلة، ت: بشار عواد معروف ،ط2، مؤسسة الرسالة.
53ــــ المقريزى، أحمد بن علي بن عبد القادر، أبو العباس الحسيني العبيدي (المتوفى: 845هــ)،1418 هــ ، المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والآثار ،ط1، بيروت ، دار الكتب العلمية.
54ــــ المكى، عمر ابن فهد الهاشمي ، (د.ت) ، الدر الكمين بذيل العقد الثمين في تاريخ البلد الأمين ، ت: عبد الملك بن عبد الله بن دهيش ، الشاملة الذهبية.
55ـ معروف،ناجى ، (1966) ، نشأة المدارس المستقلة ، بغداد ، مطبعة الازهر.
56ـ (1973) ، مدارس قبل النظامية ، بغداد ، مطبعة المجمع العلمى العراقى.
57ـ محبوبة،عبدالهادى محمد رضا ، (1999) ، نظام الملك ،ط1، القاهرة ، دار المصرية اللبنانية.
58ـ نظام الملك ،2007، سياسەت نامة ، ت: يوسف بكار ، ط1 ، بيروت ، دار المناهل.
59ـ نفيسى،سعيد ، (1967) ، الدراسات الادبية فى الثقافتين العربية والفارسية وتفاعلهما ، بيروت.
60ــــ ياقوت الحموى ، شهاب الدين أبو عبد الله ياقوت بن عبد الله الرومي (المتوفى: 626هــ) ، (1995) ، معجم البلدان ، ط2 ، بيروت ، دار صادر.
61ــــ اليافعى، أبو محمد عفيف الدين عبد الله بن علي بن سليمان (المتوفى: 768هــ)، (1997) ،مرآة الجنان وعبرة اليقظان في معرفة ما يعتبر من حوادث الزمان،ط1، بيروت، دار الكتب العلمية.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**الملخص**

تعتبر المدارس احدى المظاهر المهمة للعمران فى الحضارة الاسلامية وبشكل عام اهتم السلاجقة بانشاء وبناء المدارس اهتماما كبيرا، فقد اصبح العراق مركزا لحياة المسلمين لانه كان مركزا الخلافة العباسية، وكان للخلفاء والسلاطين والوزراء والعلماء والنساء ذوات المكانة الرفيعة دورا ماديا ومعنويا فى انشاء المدارس . وكانت جهود كل واحد هؤلاء تعبير عن المذاهب الاسلامية فعلى سبيل المثال قد لعب (نظام الملك) الوزير الشهير السلجوقى دورا موثرا وعظيما فى انشاء المدارس، ليس هذا فقط بل انه طلب من الناس ان يقوم بانشاء مزيد من المدارس . ان وجود التعددية المذهبية المختلفة كالحنفية والشافعية والحنبلية واهتمام السياسيون وعلماءالدين والاداريون ادى الى توافر التلاميذ والمعلمين انحاء العالم الاسلامى الى العراق وخاصة الى مدينة بغداد حيث كانت مركز العلوم والمعارف.

# Construction of schools in Iraq during Seljuk era (449-590 / 1055-1194)

**Farman Bayeez Ameen**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
f.kirkuki1984@gmail.com

**Asst. Prof. Dr. Rabeha Fatah Shehk Mohamad**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
rabeah.shikhmohamad@su.edu.krd

***Keywords***: *School, Construction, Creeds, Alley, Scientist*

## Abstract

important aspets of cunstrtion in Islamic civilisation.Generaly saljuks were very interested in buildng schools.Iraq became spiritual life of muslims because it was the center of Abassid chaliphate.caliphs,sultans,ministters,scientist and women of high ststure had a pivotal role in building and developing schools Efforts of each of the above mentioned expressed Islamic sects Nizam al mulk, the yread vizier of saljuks, played an important and effective role in building schools, and he also asked people to build more schools. The pluralism different religlous scholars and administrators about schools led to the influx of students and teachers from all over the islamic world to Iraq especially to Baghdad city since it used to be the center of science .